گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/vyey5d44
ڕێـکـەوتـی وەرگـرتـن: 01/01/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: `10/04/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/12/2025

# چەمکە مێژوییەکان و کێشەکانی وتنەوەیان لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە لە قۆناغی بنەڕەتی (بازنەی سێیەم) لە شاری سلێمانی

ئاوات کریم مصطفی[1] - سابیر بکر مصطفی [2]
sabir.mustafa@univsul.edu.iq awat.karim@charmouniversity.org
[1] بەشی پەروەردەی تایبەت، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرمۆ، چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی باخچەی ساوایان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی چەمکە مێژوییەکـان، کە بریتین لەو دەســـتەواژە و زاراوە گرنگـانەی کە پەیوەندییان بە ڕوداو و بەسـەرهاتە مێژوییەکانەوە هەیە و کاریگیەرییان لەسـەر بیرکردنەوەی و بەهاکانی خوێندکار هەیە و دەبنە بەشـێک لە بونیادی مەعریفی خوێندکاران. بۆیە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە ئاراسـتەکردنی ژیانی خوێندکاران. بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە.
بۆ وەرگرتنی ڕای مامۆسـتایانی بابەتەکە، دەربارەی چەمکە مێژوییەکان و کێشـەکانی وانەوتنەوەیان، توێژەر هەسـتا بە بونیادنانی فۆرمێکی ڕاپرسی دەربارەی چەمکە مێژوییەکان لە ڕوانگەی مامۆســتایانەوە، دوای ئەنجامدانی پرۆســەی دەرهێنانی ڕاسـتگۆیی و جێگیری پێوەرە بونیادنراوەکە، کە پێکهاتبو لە (41) برگە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیی بو لە مامۆسـتایانی ناوەندی سـنوری پارێزگای سـلێمانی، بۆ نمونەی توێژینەوەکە (٤٠٠) مامۆسـتا وەرگیرا، دوای ئەنجامدانی پرۆسـە ئامارییەکان بۆ شـیکاری ئەو داتایانەی توێژەر دەسـتی کەوتوە، بەکارهێنانی تێسـت (One Sample t-test)، دەرکەوت کە بەهای تائی هەژمارکراو (95.018)، گەورەتر بو لە بەهای تائی خشـتەیی کە (1.990) بو، هەروەها پلەی سەربەستی (درجة حرية) (399). ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە بە پێی ڕای مامۆستایان کە چەمکەکان کێشەیان هەیە و ناڕون و دەبنە هۆ سـەرلێشـێوان لای خوێندکاران، هەروەها کەمی کاتی تەرخانکراو بۆ وانەکان و نەبونی کەرەسـتەی یارمەتیدەری گونجاو کێشـەی تری بەردەم مامۆسـتایانن. هەروەها زۆری ژمارەی چەمکەکان لە پرۆگرامی خوێندندا و نەگونجانی هەندێکیان لەگەڵ ئاستی تەمەنی قوتابیان کێشەی تر دروست دەکات. جگەلەمەش، پێویستی بەردەوام بە نوێکردنەوەی زانیاری و شـێوازەکانی وانەوتنەوە هەیە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەڵدان بوە بۆ چارەسـەرکردنی ئەم کێشـانەی لەکاتی وتنەوەی چەمکە مێژوییەکانیدا ڕوبەڕوی مامۆسـتایان دەبێتەوە، بۆیە لە ڕێگەی ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتوە، پێویستە گرنگی بە چەند خاڵێکی سەرەکی بدرێت. سەرەتا، پێویستە تەکنەلۆجیای نوێ و شـێوازی مۆدێرنی وانەوتنەوە بەکار بهێنرێت. دووەم، گرنگە کە ڕاهێنانی بەردەوام بۆ مامۆسـتایان ئەنجام بدرێت بۆ پەرەپێدانی تواناکانیان، هەروەها چەمکەکان لەسـەرلەنوێ پۆلێن بکرێنەوە و بەپێی پەروەردەی هاوچەرخ و شـێواز و ستراتیجە نوێکان وانەوتنەوە لە ناو کتێبەکانی خوێندندا دابڕێژرێنەوە، بە مەبەستی ئەوەی کە خوێندکاران زۆرتری سود لە ناوەڕۆکی کتێبەکان وەربگرن و ئەو ئامانجە پەروەردەیانەی دانراون بێنەدی. پاڵپشـت بە دەرئەنجامی توێژینەوەکە، چەندین ڕاسپاردە و پێشنیاری پێشکەش کرد کە خزمەتی توێژینەوەکە دەکات.

**کلیله وشەکان:** چەمک، چەمکە مێژوییەکان، مێژو، ڕێگاکانی وانەوتنەوە

# Historical Concepts and Their Teaching Challenges from Teachers' Perspective in Basic Education (Third Cycle) in Sulaymaniyah City

**Awat Karim Mustafa [1] - Sabir Bakr Mustafa[2]**

[1]Department of Special Education, College of Education, Charmo University, Chamchamal, Kurdistan Region, Iraq

[2]Department of Kindergarten, College of Primary Education, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq

## Abstract

This research examines historical concepts, which comprise important terms and expressions related to historical events and occurrences that influence the thinking and values of the students and become integral components of students' cognitive structure. These concepts play a vital role in guiding students' lives. To achieve the research objectives, the researcher employed a descriptive-analytical method.

The researcher designed a survey questionnaire to collect data about teachers' perspectives on historical concepts and their teaching challenges. After validating the reliability and consistency of the designed form, which consisted of 41 items, the research population comprised teachers from central Sulaymaniyah province, with a sample size of 408 teachers. After conducting statistical analysis of the collected data using the One Sample t-test, results showed that the calculated t-value (95.018) was greater than the table t-value (1.990), with degrees of freedom (df) of 399.

This proved that according to teachers' perspectives, the concepts present challenges and they are unclear, leading to confusion among students. Additional challenges include insufficient allocated class time and a lack of appropriate teaching assistances are challenges of the teachers. Also, the large number of concepts in the curriculum and the incompatibility of some concepts with students' age levels create some other problems. Moreover, there is a continuous need to update knowledge and teaching methods.

To address these challenges, several key points require attention. First, new technology and modern teaching methods should be implemented. Second, it is important to provide continuous training course for teachers to develop their capabilities.

Keywords: Concept, Historical Concepts, History, Teaching Methods.

## بەشی یەکەم ناساندنی توێژینەوەکە

### پێشەکی

### ١-١: کێشەی توێژینەوەکە (Research Problem):

پەیوەندی مرۆڤ چییە بەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژی و نەشونما دەکات؟ ئایا مرۆڤ بەرهەمی خودی خۆیەتی و خۆی چارەنوسی خۆی دیاری دەکات، یا خود نەخێر ئەوە کۆمەڵگە و بەهاکانی ناو کۆمەڵگەیە کە نەخشی. خۆی لەسەر مرۆڤ دەنەخشێنێ و بڕیار لەسەر چارەنوسی دەدات؟ ڕۆڵی مێژو چییە لە ژیانی تاکەکەسدا؟ مێژو چۆن کاریگەری هەیە لەسەر بونمان وەکو تاکەکەس؟ ڕۆڵی مێژو چییە لە ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە و کۆنەستی کۆمەڵگەدا. مێژو و بەهاکان چ دەورێکیان هەیە لە ژیانی تاکەکەس و کۆمەڵگەدا؟ ئەگەر ئێمە خۆمان چارەنوسی خۆمان دیاری دەکەین، بۆچی هەندێ کات کە بڕیار دەدەین دواتر پەشیمان دەبینەوە و پێمان وایە کە ئەو بڕیاردانە لە دەستی خۆماندا نەبوە؟ (مەسەلەی پەیوەستبونی مرۆڤ بە خودی خۆیەوە و ئەو تەنگەژەیەی کە تێیدەکەوێت لەوەدا کە دەبێت جڵەوی بونی خۆی بگرێتە دەست یان بەرەڵای بکات، دیسانەوە و لەشێوەیەکیتردا کێشەی بون، ماهیەت دەوروژێنێتەوە. ئێمە چۆن دەتوانین جیاوازی لە نێوان بونی ڕەسەن و بونی ساختە یا نارەسەندا بکەین؟ پێودانمان بۆ ئەوە چییە؟ پاشان ئاخۆ لە ڕاستیدا پێودان بۆ ئەوە هەیە؟). (ماکواری ٢٠٠٥, ٨٧)

پرسی پەیوەندی مرۆڤ بە کۆمەڵگەکەی و ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی، بە درێژایی مێژو هەمیشە پرسێکی ئامادەبوە، جێگەی پرسیار بوە، ئایا مرۆڤ بەرهەمی ئەو بەها و کلتور و نۆرمانەیە کە تێیدا دەژی یاخود نەخێر؟ ڕۆڵی مێژو چییە لە بەرهەمهێنان و ئاڕاستەکردنی بەهاکاندا؟

ئەم پرسیارانە و چەندەها پرسیاری دیکە بە درێژایی مێژوی مرۆڤایەتی بونیان هەبوە، تاک و کۆمەڵگە هەمیشە لە ململانی قوڵدا بون لەگەڵ یەکتری.

یەکێکی دیکە لە بابەتانەی کە تا ئێستا لەناو کتێبەکانی ئێمەدا کێشەیە گرنگیدانی زۆر بە مێژوی سیاسی و فەرامۆشکردنی ڕەهەندەکانی دیکە مێژوە، بە تایبەت مێژوی دیاردە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان، کە پێکهێنەرێکی گرنگی ناو بونیادی مەعریفی تاک و کۆمەڵگەکانی ئێمەن، مێژوی کەرەستە بەکارهێنراوەکان (بواری کشتوکاڵ، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ژیانی گوندنیشانان.. چەدەهای دیکە)، کە ڕەنگە دوای چەند دەیەیەکی دیکە بونیان نەمێنێت و هیچ ئاسەوارێکیان نەمێنێت.

بۆیە دیاریکردنی چەمکە مێژوییەکان (المفاهيم التاريخية) نێو کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی قۆناغی بنەڕەتی، یەکێکە لە بابەتە پڕ بایەخەکانی ئەمڕۆی قۆناغی بنەڕەتی وکە بە یەکێك لە گرنگترین قۆناغەکانی پرۆسەی پەروەردەی مرۆڤ دادەنرێت، کە بنەمایە بۆ دروستکردنی پێوەر و چەمکەکان لە ئایندەدا. چەمکە مێژوییەکان، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە ژیانی ڕۆژاندا، چونکە چەمکە مێژوییەکان، کاریگەریان هەیە لەسەر تاك و ئاڕاستەی دەکەن بۆ سەرکەوتن لە ئامانجەکانی و هەمو کار و چالاکییەك کە تاکەکەس ئەنجامی دەدات، چونکە بەرهەمی بیرکردنەوەیە لە چەمکە مێژوییەکان، ئەگەر ناوەندەکانی فێربون ئەو هەلە نەرەخسێنن بۆ فێرخوازان بۆ چۆنێتی بیرکردنەوە لە بەکارهێنانی چەمکە مێژوییەکان، ئەوا تواناکانی منداڵ سنوردار دەکرێت و توانای ڕوبەڕوبونەوەی گۆڕانکارییەکانی ژیانی نابێت، ئەگەر هەوڵنەدرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە ئەوا کێشەی نوێ تر سەرهەڵدەدات لە پرۆسەی فێرکردن لە قۆناغەکانی دیکە. بۆیە بە پێویست دەزانرێت ئەنجام دانی ئەم توێژینەوە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی داواکارییەکانی سەردەم لە پرۆسەی فێرکردن، هەروەها پاراستنی کلتور و کەلەپوری خۆمان و لەناونەچونیان بە ئامانجی ئەوەی نەوەکانی داهاتو

بزانن کە ئەوان کێن و بەرەوە کوێ هەنگاو دەنێن. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات ئایا تێگەیشتن لە چەمکە مێژوییەکان، پەیوەندی هەیە بە ڕێگاکانی وانەوتنەوەی ئەو چەمکانە؟

### ١-٢:گرنگی توێژینەوەکە (Research Significance):

گرنگی توێژینەوەکە لە ڕوی تیۆرییەوە لە قوڵایی شیکردنەوەی چەمکە مێژوییەکان و ئاڵۆزی گواستنەوەیان سەرچاوە دەگرێت. مێژو وەک زانستێکی زیندو، کۆمەڵێک چەمک و گێڕانەوەی پڕ لە وردەکاری دەگرێتەوە کە تەنیا بە گواستنەوەی بەشێوەیەکی زانستی و ورد، دەتوانرێت بگەنە نەوەکانی داهاتو. توێژینەوەکە هەوڵدەدات ئەو پردە زانستییانە بدۆزێتەوە کە لە نێوان مامۆستا و فێرخواز و نێوان چەمکە مێژوییەکاندا دروست دەبن، هەروەک چۆن بایەخ بە شیکردنەوەی قوڵی ئەو ستراتیژانە دەدات کە دەتوانن پرۆسەی تێگەیشتن و گواستنەوەی زانستی مێژویی ئاسانتر بکەن.

لە ڕوی پراکتیکییەوە، توێژینەوەکە دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دەزگا پەروەردەییەکان و بەرنامەدانەران. ئەم لێکۆڵینەوەیە نیشان دەدات کە چۆن دەکرێت بابەتە مێژوییەکان بە شێوەیەکی زیرەکانە و کاریگەر بگوازرێنەوە، بە جۆرێک کە فێرخواز نەک هەر زانیاری وەربگرێت، بەڵکو توانای شیکردنەوە و ڕەخنەگرتن لە لای فێرخواز پەرەپێبدرێت. بە واتایەکی دی، توێژینەوەکە دەبێتە پردێک بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان تیۆری و پراکتیک لە بواری فێرکردنی مێژودا.

گرنگترین دەسکەوتی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە دەتوانێت ببێتە بنەمایەکی بەهێز بۆ دارشتنی پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان. بە واتایەکی دیکە، لێرەدا باس لە دارشتنێکی نوێ و جیاواز دەکرێت، کە تیایدا پەرتوکەکان تەنیا کۆمەڵێک زانیاری ڕوت نین، بەڵکو دەبنە ئامرازێک بۆ پەروەردەکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە. ئەمە واتە پەرتوکەکان دەبن بە کەرەستەیەکی زیندو بۆ گەشەپێدانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و نیشتمانی.

لایەنە پەیوەندیدارەکانیش سودی بەرچاو لەم توێژینەوەیە وەردەگرن. مامۆستایانی مێژو دەتوانن شارەزایی فێرکردنی خۆیان پەرەپێبدەن، بەرنامەدانەرانی پەروەردەیی دەتوانن کتێبەکانی خوێندن بە شێوەیەکی زیرەکانە چاک بکەن، دەزگا پەروەردەییەکان دەتوانن پێداچونەوە بۆ سیستەمی فێرکردن بۆ بکەن. هەروەها توێژەران دەرگایەکی نوێیان بۆ لێکۆڵینەوە دەکرێتەوە.

لە کۆتاییدا، ئەم توێژینەوەیە بایەخێکی قوڵی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی هەیە. ئامانجی سەرەکی پەروەردەکردنی نەوەیەکە کە مێژوی خۆی بناسێت، لێی تێبگات، ڕەخنەی لێ بگرێت و پەیوەندی نێوان ڕابردو، ئێستا و داهاتو بکات بە شتێکی زیندو و بەردەوام. وەک لێکۆڵینەوەیەکی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان سەیری بکرێت، چونکە باس لە کاریگەری چەمکە مێژوییەکان دەکات لە ژیانی تاک و کۆمەڵگەدا. گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریکردنی چەمکە مێژوییەکان و ڕاڤەکردنیان لە ژێر ڕێنوێنی پرۆگرامەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بە ئامانجی دیاریکردنی ڕۆڵی ئەم چەمکانە لەناو سیستەمی پەروەردە و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی بونیادی مەعریفی تاکەکان و ئاڕاستەکردنیان بەرەو ئەو ئایندەییەکی کە سیستەمی پەروەردە ئامانجیەتی.

### ١-٣: ئامانجی توێژینەوەکە (Research Objectives):

ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی بە دیهێنانی ئەم ئامانجانە دایە:

- شیکردنەوەی قوڵی کێشە و گرفتەکانی گواستنەوەی چەمکە مێژوییەکان لە ژینگەی پەروەردەدا، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە ڕێگر لە تێگەیشتنی تەواو و گواستنەوەی زانستی مێژویی. توێژینەوەکە

هەوڵدەدات بە شـێوەیەکی سـیسـتماتیک و زانسـتی ئەو کۆسـپانە بدۆزێتەوە کە مامۆسـتایانی پسـپۆڕ لە کاتی وانەوتنەوەدا ڕوبەڕوی دەبنەوە.

**١-٤: سنوری توێژینەوەکە (Limitation of Research):**

سنوری توێژینەوەکە لەمانەدا خۆی دەبینێتەوە:

- سـنوری مرۆیی: هەمو ئەو مامۆسـتایانە دەگرێتەوە کە بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی قۆناغی بنەڕەتیی بازنەی سـێیەم دەڵێنەوە.
- سنوری کات: ماوەی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣- ٢٠٢٤).
- سنوری شوێن: هەمو مامۆستایانی کە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەڵێنەوە لە شاری سلێمانی.
- سـنوری بابەت: کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلەکانی حەوتەم و هەشـتەم و نۆیەمی بنەڕەتی دەگرێتەوە، (بازنەی سێیەمی قۆناغی بنەڕەتی).

**١-٦: دیاریکردنی زاراوەکانی (Term Definitions):**

**١-٦-١: چەمک (Concept):**

جابر چەمکی وەک کۆمەڵێک شت یان هێما پێناسە کردوە کە لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە هاوبەشە گشتییەکانیان بەیەکەوە کۆ دەکرێنەوە و دەتوانرێت کۆ بکرێنەوە بۆ پۆلێکی داخراو و دەتوانرێت بە ناوێک یان هێمایەکی دیاریکراو ئاماژەیان پێبدرێت. (النعمات، ٢٠٠٨، ١٦)

لە ڕوی زاراوەوە چەمک لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە چەمک بە (مەبەسـت، مەتڵەب) مانا کراوە. (شـەرفکندی، ٢٠١٠، ٢١٩)

بەڵام لە فەرهەنگی کوردستاندا چەمک، بە (داردەست، گۆچان، واتا، مەبەست، مانا، قەورخە، قەراخ، کەنار) ڕون کراوەتەوە. (موکریانی، ٢٠١٧، ل٤٦٣)

لە فەرهەنگی ئازادیدا چەمک بە (بیرێکی گشتی یا بڵاو؛ بیر) مانا کراوە. (قەرەداخی، ٢٠١٢، ٢٠٠)

وەلێ لە فەرهەنگی کوردسـتانیکا چەمک بە (بیر، هزر، بیرۆکە، بیرۆکەی گشـتی) پێناسـە کراوە. (جەوشـەنی، ٢٠١٥، ٥٧٠)

**١-٦-٢: چەمکە مێژوییەکان (Historical concepts):**

خەیری ئیبراهیم (١٤٠٨ کۆچی/١٩٨٧ز) چەمکی مێژویی بەم شـێوەیە پێناسـە دەکات (ئەبسـتراکتێکن کە لە کۆمەڵێک لە فاکتەکان یان توخمە هاوبەشـەکانی بارودۆخەکان یان ڕوداوەکانەوە هەڵێنجراون، تایبەتمەندە بە گشتاندن و جیاکردنەوە و هێماسازی، زۆرجار ئاماژەیە بۆ ناوێک یان هێمایەک کە دەلالەتە لەو بیرۆکە و مانایانەی کە لەناو عەقڵی تاکن). (ابراهیم، ١٩٩٨، ٨٥)

ئەلحوسـێنی (٢٠٠٨) بەم شـێوەیە پێناسـەی دەکات: "وێناکردنێکی عەقڵییە کە لەسـەر بنەمای تایبەتمەندییە هاوبەشـەکانی نێوان کۆمەڵێک هەڵوێسـت و ڕوداوە مێژوییەکان دارێژراوە، کە دەتوانرێت بە ناوێک یان هێمایەکی دیاریکراو ئاماژەیان پێبدرێت." (فارس، ٢٠١٣، ٦٩)

بریتییە لە: (چەمکێک کە بە زۆری ئەبسـتراکتە، کۆمەڵێک تایبەتمەندی هاوبەشی ئەو ڕاسـتی و ڕوداوە مێژوییانەی لێ دەردەهێنین کە لێکۆڵینەوەیان لەسـەر کراوە، لە تایبەتمەندییەکانی چەمکی مێژوییشـدا گشـتاندن و هێماسـازی و گەشەسەندن هەیە). (قربان، ٢٠١٠، ٦٢)

**١-٦-٣: کتێبی قوتابخانە:**

بە لای (Syllabus & Rowntras)ەوە بریتییە لە پوختە یان هێڵە گشـــتییەکانی ناوەڕۆکی مادەی کۆرســـێک یان کتێبێکی قوتابخانە، ئەو کتێبەش زانیاری و ڕاوبۆچون و بەها و ئەو لێوەشـــاوەییانەی لە خۆ گرتوە کە بۆ گەشـــەپێدانی مێشکی قوتابی پێویستن. (فاضل، ١٩٩٤،٥٦) بە وەرگترن لە ***(بۆکانی، ٢٠١٦، ٢٠٨)***

**پێناســـەی ڕێککاری کتێبی قوتابخانە**: بریتییە لە بابەتی بڕیارلێدراو لە دو توێی ناوەڕۆکێکی دیاریکراودا، کە لە لایەن دامەزراوەیەکی پەروەردەییەوە دانراوە بە مەبەســتی گەشــەپێدانی لێهاتوییەکانی خوێندکاران لە گشــت بوارەکاندا وەکو: لایەنی مەعریفی و ویژدانی و جوڵەیی... هتد، بۆ ئەوەی لە داهـاتودا ببنە بەشـــێک لە ڕەفتاری خوێنـدکار و لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاریان بهێنێت.

## بەشی دوەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە و لێکۆڵینەوەکانی پێشوتر

**٢-١-١- واتای چەمکەکان و پێناسەکان:**

چەمکەکان بەردی بناغەی ســـەرەکی تێگەیشـــتنی مرۆڤن، کە تێگەیشـــتنمان بۆ جیهان لە قاڵب دەدەن و ڕێگە بە پەیوەندیکردن و بیرکردنەوە و فێربون دەدەن. ئەوان نوێنەرایەتی هزری یان بیرۆکەکان کە شـــتەکان و ڕوداوەکان، یان بیرۆکە ناڕاستەوخۆکان پۆلێن دەکەن. هەوڵ دەدەین بە سودوەرگرتن لە دیدگا فەلسەفی و دەرونناسی و مەعریفییەکان، لەو زانیارییە زۆرەی کە ڕۆژانە ڕوبەڕومان دەبێتەوە تێبگەین.

دروســـتکردنی چەمک (چەمکســـازی) بە یەکێک لە پرۆســـە هەرە گرنگەکانی تیۆرییە دەرونناسی پەروەردەییەکان دەژمێردرێ. ئەو خوێندکارەی یان ئەو منداڵەی چەمک دروســـت دەکات، بە گەشـــەکردنێکی مەعریفیی جیاوازدا تێپەڕ دەبێت، بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسەی چەمکەکەی بە حازری دێتە بەردەست، چونکە لەکاتی چەمک دروستکردندا، منداڵ بە بەردەوامی بە پرۆسەی ئافراندنێکی بەردەوامدا تێپەڕ دەبێت. (سەعید, ٢٠٢٠، ١٠٧)

چەمکە مێژوییەکان ڕۆڵێکی چارەنوســـاز دەگێڕن لە داڕشـــتنی شـــێوازی تێگەیشـتن و لێکدانەوەی خوێندکاران لە ڕوداو و دیاردە مێژوییەکان. ئەم چەمکانە وەک چوارچێوەیەک بۆ ڕێکخســـتن و شـــیکردنەوە و لێکدانەوەی زانیارییە مێژوییەکان کاردەکەن و هەروەها تێگەیشـــتنێکی قوڵتر لە چوارچێوەی مێژویی کە ئەم ڕوداوانە تێیدا ڕویانداوە، بە خوێندکاران دەبەخشن.

یەکێک لە کاریگەرییە ســـەرەکییەکانی چەمکە مێژوییەکان لە کتێبی خوێندنی قوتابخانەکاندا ئەوەیە کە یارمەتی خوێندکاران دەدەن بۆ پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە. بە بەرکەوتنیان بە چەمکە مێژوییە جیاوازەکان، خوێندکاران هاندەدرێن کە لە دەرەوەی پەیوەندییە ســـادەکانی هۆکار و کاریگەری بیربکەنەوە و لەبری ئەوە ڕوداوە مێژوییە ئاڵۆزەکان لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە شی بکەنەوە. ئەمەش ڕێگە دەدات بە تێگەیشـــتنێکی گشـــتگیرتر لە ڕوداوە مێژوییەکان، و پەرە بە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و لێهاتویی شیکاری دەدات کە بۆ سەرکەوتنی ئەکادیمی زۆر گرنگن.

جگە لەوەش، هێنانە ناوەوەی چەمکە مێژوییەکان لە کتێبی خوێندنی قوتابخانەکاندا دەتوانێت وەک ئامرازێک بۆ تەحەدای گێڕانەوە و لایەنگرییە باڵادەستەکان بێت. بە ناسـاندنی چەمک و دیدگای جیاواز، خوێندکاران هاندەدرێن بۆ پرسیارکردن و شیکردنەوەی گێڕانەوەی مێژویی نەریتی، ئەمەش ڕێبازێکی ڕەخنەگرانەتر بۆ تێگەیشـتن لە مێژو بەرەوپێش دەبات. ئەمەش نەک هەر ڕێگە بە تێگەیشـــتنێکی وردتر و گشـــتگیرتر لە ڕوداوە مێژوییەکان دەدات، بەڵکو یارمەتی خوێندکاران دەدات بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوەی سەربەخۆ و لێهاتویی شیکاری.

**٢-١-٢- چەمکەکان چین:**

واتە مانا و ئاماژەپێکراوێک (دال) کە پەیڤ ئاماژەی بۆ دەکات و لە پەیڤەوە دێتە تێگەیشتن. لە دیدی بیرمەندانێکی گەورەی وەک "ئەرستۆ" و "هێربێرت پۆتنام" چەمک بەشێوەیەکی سادە ناساندن یان چڤانی (ترکیب) هەڵهێنجانە هەستەکییەکانە. هەرچییەک کە لە زەیندا بنەخشێت، چەمکە و واتادارە (وەڕاستگەڕاو، ماصدق/ مصداق). هەروەها؛ هەرچییەک چەمک تێیدا وەڕاست بگەڕێت، واتادارە.

پەیڤەکان، قاڵب و دەفرن بۆ ئەو شتەی کە بە چەمک ناودێر دەکرێت. واتە ئیسکەپەیکەری دەرەکیی چەمک لە بیچم و سەروسیمادا وەک "پەیڤ" دەردەکەوێت. پەیڤ هەم فۆرمی دەنگییە و هەم فۆرمی مانایی.

وەڕاستگەڕاو (ماصدق، مصداق): بریتییە لەو شتەی چەمک لێی وەڕاست دەگەڕێت. واتە "واتادار". بۆ نموونە: "مرۆڤ" چەمکە، جۆرێک لە بونەوەر کە "ژیری و ئاوەز و ئاخاوتن و فۆرمی گیانەوەریی" هەیە. هەم بەشێوەی هەمەکی (کلی) و هەم بەشێوەی هەندەکی (جزئی) دەرکەوتی هەیە. بەڵام هەردوک ناوی "ئازاد" و "نەوزاد" وەڕاستگەڕاوی چەمکی "مرۆڤ"ن. واتە ناوەکە دەچێتە خانەی چەمکی مرۆڤەوە. بە بیستنی ناوی ئازاد، چەمکی "مرۆڤ" لە زەینماندا دەوروژێت. (بابایی ٢٠٢٤)

چەمکی هەندەکی: ئەو چەمکەیە کە تەنیا یەک واتاداری (وەڕاستگەڕاو) هەیە؛ وەک "هەولێر." چەمکی هەمەکی: چەمکێکە زیاتر لە یەک واتاداری (وەڕاستگەڕاو) هەیە؛ وەک مرۆڤ.

زاراوەکان لە چەمکەکانەوە بەرهەم دێن، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە کە زاراوە سەر بە باوی تایبەت (عرف خاص) و چەمک سەر بە باوی گشتی (عرف عام).

زاراوە بەگشتی لە ڕونکردنەوەی بەشێک لە دەزگایەک یان بەشەکانی زانستێک بەکار دێت. بەشەکانی زانست یان سیستەم کە لە باری نیشانەناسییەوە ئاماژە بە "هەندەک" دەکەن، پێی دەگوترێت زاراوە. (بابایی ٢٠٢٤)

لە سادەترین ئاستدا، چەمک دەکرێت وەک نوێنەرایەتییەکی هزری پێناسە بکرێت کە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی شتەکان یان ئەزموونەکان لەخۆ دەگرێت. (Margolis, E., & Laurence, S. 1999, 3). چەمکەکان ڕێگە بە تاکەکان دەدەن شتە لێکچووەکان لەژێر یەک بیرۆکەدا کۆبکەنەوە، کە پرۆسەی پۆلێنکردن ئاسان دەکات.

هەروەها چەمکەکان نەگۆڕ نین و بە تێپەڕبونی کات و بەردەستبونی زانیاری نوێ پەرە دەسێنن و دەگۆڕێن. ئەم سروشتە دینامیکییە بەتایبەتی لە بوارە زانستییەکاندا بەرچاوە، کە چەمکەکان بەردەوام لە ڕوناکیی بەڵگەی نوێدا پاڵاوتە دەکرێن و پێداچونەوەیان بۆ دەکرێت. بۆ نمونە، چەمکی "گەردیلە" لە کاتی سەرهەڵدانیەوە لە فەلسەفەی یۆنانی کۆندا هەتا ئێستا گۆڕانکاریی بەرچاوی بەسەردا هاتوە. سەرەتا وا بیردەکرایەوە کە تەنۆلکەیەکی دابەش نەکراوە، بەڵام زانستی نوێ ئاشکرای کردوە کە گەردیلەکان لە تەنۆلکەی بچوکتری گەردیلەیی وەک پرۆتۆن، نیوترۆن و ئەلیکترۆن پێکهاتون. (Kuhn 1962, 10)

**٢-١-٣- تایبەتمەندییەکانی چەمک:**

**١. ناڕاستەوخۆیی**

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی چەمک سروشتە ناڕاستەوخۆکەیەتی. چەمکەکان وێنای هزرین کە لە نمونەی تایبەتەوە بۆ پۆلێنی فراوانتر، گشتگیر دەکرێن. بۆ نمونە، چەمکی "سەگ" ئاماژە بە سەگێکی دیاریکراو ناکات، بەڵکو ئاماژەیە بۆ پۆلی هەمو سەگەکان، کە جۆر و قەبارە و ڕەنگی جیاواز لەخۆ دەگرێت. ئەم ناڕاستەوخۆییە ڕێگەمان

پێدەدات شـــتە لێکچووەکان پێکەوە کۆ بکەینەوە و هەمان چەمک بۆ بارودۆخی جیاواز بەکاربهێنین. (Smith & Medin, 1981, 27)

**٢. گشتاندن**

چەمکەکان ڕێگە بە گشـــتاندن دەدەن، کە پرۆســـەی جێبەجێکردنی زانیارییە لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی تر. کاتێک ڕوبەڕوی شتێک یان ڕوداوێکی نوێ دەبینەوە کە لە شتێکی پێشتر ئەزمونکراو دەچێت، دەتوانین لە ژێر چەمکێکی بەردەســـتدا پۆلێنی بکەین. بۆ نمونە، منداڵێک کە چەمکی "کورسی" دەبێت دواتر دەتوانێت جۆرە جیاوازەکانی کورسی بناسێتەوە، تەنانەت ئەگەر لە شێوە یان کەرەستەدا جیاواز بن. ئەم توانای گشتاندنە بۆ فێربون و بڕیاردانی کارا گرنگە. (Murphy 2002, 45)

**٣. پۆلێنکردن**

پۆلێنکردن پەیوەندی نزیکی بە گشتاندنەوە هەیە و تایبەتمەندییەکی سەرەکیترە لە چەمکەکان. چەمکەکان ڕێگەمان پێدەدەن شتەکان، ڕوداوەکان و بیرۆکەکان بەپێی تایبەتمەندییە هاوبەشەکانیان پۆلێنبکەین. بۆ نمونە، چەمکی "میوە"، سێو و مۆز و پرتەقاڵ وەک ئەندامی هەمان گروپ پۆلێن دەکات، چونکە تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە وەک خواردن و تۆویان هەیە. پۆلێنکردن پرۆسـەی بیرکردنەوە ئاسـان دەکات بەوەی پێویسـتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەر بەرکەوتنێکی نوێ وەک شتێکی تەواو نوێ کەم دەکاتەوە. (Rosch & Barbara, 1978, 35)

**٤. نمونەییبون**

نمونەییبون، ئاماژەیە بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە هەندێک ئەندامی پۆلێک، زیاتر نوێنەرایەتی یان نمونەیین بۆ ئەو پۆلە لە ئەندامانی تر. بۆ نمونە، کاتێک خەڵک بیر لە چەمکی "باڵندە" دەکەنەوە، لەوانەیە کۆترێک یان چۆلەکە زوتر بێتە بیریان لە پەنگوین یان وشـــترمل. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە کۆتر و چۆلەکە، باڵندەی نمونەیین، لە کاتێکدا پەنگوین و وشـترمل کەمتر نمونەیین. نمونەییبون کاریگەری هەیە لەسـەر ئەوەی کە چەند خێرا و بە ئاسـانی دەتوانین چەمکێک لە بیرەوەری بهێنینەوە و کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی پۆلێنکردنمان هەبێت. (Rosch 1975, 43)

**٥. پێکهاتەی پلەبەندی**

زۆرجـار چەمکەکان بە شـــێوەیەکی پلەبەنـدی ڕێکخراون، چەمکە تـایبەتترەکان لە ژێر چەمکە فراوانەکانـدا پۆلێن دەکرێن. بۆ نمونە، چەمکی "ئاژەڵ" ژێر-چەمکی وەک "شـــیردەر"، "باڵندە" و "ماسی" لەخۆدەگرێت، کە هەریەکەیان دەکرێت زیاتر دابەش بکرێت بۆ پۆلی تایبەتتر وەک "سـەگ"، "چۆلەکە" و ماسـی "قزڵئالا". ئەم پێکهاتە پلەبەندییە ڕێگە بە خەزنکردن و گەڕانـدنەوەی کارای زانیاری دەدات لە بیرەوەریدا، چونکە ڕێگەمان پێدەدات بە خێرایی بگەینە چەمکە پەیوەندیدارەکان. (Collins & Quillian, 1969, 56)

**٦. دینامیکی و پشت بە دەوروبەر بەستو**

چەمکەکان جێگیر نین؛ دەتوانن بگۆڕێن و خۆیان لەگەڵ ئەزمونی نوێ و دەوروبەردا بگونجێنن. شێوازی تێگەیشتن یان بەکارهێنانی چەمکێک دەکرێت بەپێی بارودۆخەکە بگۆڕێت. بۆ نمونە، چەمکی "ماڵ" لەوانەیە وێنە و هەســـتی جیاواز بوروژێنێت بەپێی ئەوەی کەســـەکە بیر لە ماڵی منداڵی، شـــوێنی نیشـــتەجێبونی ئێســـتای، یان بیرۆکەی ماڵ لە وڵاتێکی بیانی دەکاتەوە. ئەم سروشـــتە دینامیکییەی چەمکەکان، نەرمونیانی (مرونة) بیرکردنەوەی مرۆڤ دەردەخات. (Barsalou 1983, 27)

**٧. سروشتی پەیوەندیداری:**

زۆرێک لە چەمکەکان پەیوەندیدارن، واتە لە ڕوی پەیوەندییان لەگەڵ چەمکەکانی تردا تێیان دەگەین. بۆ نمونە، چەمکی "دایک و باوک" بە شـێوەیەکی بنەڕەتی پەیوەندیدارە، چونکە ئاماژە بە بونی منداڵ دەکات. بە هەمان شـێوە، چەمکی "مامۆســتا" لە پەیوەندی لەگەڵ "قوتابی"دا تێی دەگەین. ئەم سروشــتە پەیوەندیدارە ڕێگە بە چەمکەکان دەدات لە تۆڕی واتادا پەیوەست بن، کە بیرکردنەوە و پەیوەندی ئاڵۆز ئاسـان دەکات. (Gentner, & Markman, 1997, 37)

**٢-١-٤- فێرکردنی چەمکەکان:**

فێرکردنی چەمکەکان بە شــێوەیەکی کاریگەر لە قوتابخانەکاندا یەکێکە لە لایەنە بنەڕەتییەکانی پەروەردەی مۆدێرن. چەمک، وەک لەلایەن براون پێناســە کراوە: "بریتییە لە نوێنەرایەتییەکی دەرونی یان کۆمەڵێک بیرۆکە کە بەیەکەوە کۆدەکرێنەوە بۆ پێکهێنانی مانایەک یان تێگەیشتنێک لە دیاردەیەک. مامۆستایان نابێت تەنها زانیاری ببەخشن، بەڵکو دەبێت فێری خوێندکاران بکەن کە چۆن ئەو زانیارییە لە دۆخە ڕاســتەقینەکانی جیهانی واقیعدا لە ڕێگەی تێگەیشــتنی چەمکییەوە بەکاربهێنن.. (Brown 2014, 78).

وانەوتنەوە لەســەر بنەمای چەمک، زۆر گرنگە چونکە خوێندکاران لەبیرکردنەوە تێدەپەڕێنێت بەرەو تێگەیشــتن و بەکارهێنانی قوڵتر. ئێریکسۆن دەڵێت کە فێرکردنی چەمکەکان یارمەتی خوێندکاران دەدات بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان بابەتە جیاوازەکان و بینینی وێنەی فراوانتر لەوەی کە فێری دەبن. (Erickson 2007, 54).

بۆ نمونە، فێرکردنی چەمکی "بەردەوامی" دەتوانێـت بـابەتەکـانی وەک بـایۆلۆجی، جوگرافیـا و ئـابوری بەیەکەوە بەســتێتەوە، هاندەری خوێندکارانە بۆ ئەوەی تێبگەن کە چۆن ئەم ئیکۆســیســتەمەکان لەگەڵ یەکتری کار دەکەن، لەکاتێکدا کاریگەرییەکانی مرۆڤ لەبەرچاو دەگرن. ئەم فێربونە یارمەتی خوێندکاران دەدات کە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بیر لە پرسە جیهانییەکان بکەنەوە و زانیارییەکانیان لە چەندین بواردا بەکاربهێنن. (Jones, P., & Smith, T. 2020, 112).

**٢-١-٥- ئاستەنگەکانی بەردەم فێرکردنی چەمکەکان:**

ســەرەڕای گرنگی فێرکردنی چەمکەکان، چەندین ئاســتەنگ هەن کە پەروەردەکاران ڕوبەڕویان دەبنەوە. یەکێک لە ســەرەکیترین کێشــەکان دڵنیانەبونە لەوەی کە هەمو فێرخوازان دەگەنە هەمان ئاســتی تێگەیشــتن، بەتایبەتی لە پۆلە فرەچەشــنەکاندا. بە گوێرەی تۆملینســۆن، فێرکردنی جیاواز پێویســتە بۆ پڕکردنەوەی پێداویســتییەکانی فێرخوازان کە شێوازی فێربون و توانای جیاوازیان هەیە. (Tomlinson 2001, 89). ئەمە جۆراوجۆرکردنی شێوازەکانی وانەوتنەوە، کەرەســتەکان و هەڵســەنگاندنەکان لەخۆدەگرێت بۆ دڵنیابون لەوەی کە هەمو فێرخوازان دەرفەتیان هەیە چەمکە سەرەکییەکان تێبگەن.

ئاســتەنگێکی تر بریتییە لە هێشــتنەوەی ســەرنجی فێرخوازان، بەتایبەتی کاتێک چەمکە نارونەکان فێر دەکرێن کە لەوانەیە ڕاســتەوخۆ پەیوەندیدار نەبن بە ژیانیانەوە. بە گوێرەی برۆفی، مامۆســتایان دەبێت ڕێگا بدۆزنەوە بۆ ئەوەی چەمکەکان سەرنجڕاکێش و جێبەجێکراو بکەن بۆ ئەزمونەکانی فێرخوازان بۆ پاراستنی هاندان. (Brophy 2010, 45)

## بەشی سێیەم
## ڕێککارییەکانی توێژینەوەکە

**٣-١- میتۆدی توێژینەوە**

بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، میتۆدی وەسفی بەکارهێنراوە.

### ٣-٢- کۆمەڵگای توێژینەوە
بریتییە لە مامۆســـتایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پۆلەکانی (حەوتەم و هەشـــتەم و نۆیەم) لە ســـنوری ناوەندی پارێزگای سلێمانی.

### ٣-٣-نمونەی توێژینەوە:
بریتییە لە مامۆسـتایانی سـنوری ناوەندی پارێزگای سـلێمانی کە ژمارەیان (٤٠٠) مامۆسـتایە بۆ پۆلەکانی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم).

| ژ | پۆل | ژمارەی مامۆستا |
|---|---|---|
| ١ | حەوتەم | ١٣٠ |
| ٢ | هەشتەم | ١٣٠ |
| ٣ | نۆیەم | ١٤٠ |

### ٣-٤- ئامرازی توێژینەوە:
توێژەر هەستا بە ئەنجامدانی لیکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی (دراسة استطلاعیة)، سەبارەت بە کێشەکانی وانەوتنەوەی چەمکە مێژوییەکان لە ڕوانگەی مامۆســتایانی بابەتەکەوە، بۆ ئەم مەبەســتە توێژەر هەســتاوە بەئامادەکردنی فۆرمێکی ڕاپرسی کراوە، کە پێکهاتبو لە چەند پرسیارێك بەم شێوەیە:

پ١: ئەو کێشـــانە چین کە لە کاتی وانەوتنەوەی بابەتی مێژوی ڕوبەڕوی بەرێزتان دەبێتەوە بە هۆی ناوەڕۆکی کتێبەوە؟

پ٢: ئایا چەمکەکان بە شـــێوەیەکی ڕون ڕونکراونەتەوە؟ یاخود ئاڵۆزی هەیە و دەبێتە هۆی کێشـــە بۆتان لە کاتی وانەوتنەوە؟

پ٣: ئایا لە کتێبەکەدا گرنگی زیاتر بە کام جۆرە لە مێژو دراوە (مێژوی ســـیاسی، مێژوی کۆمەڵایەتی، مێژوی هزری...)؟

پاشان فۆرمی ئامادەکراو دابەشکرا بەسەر (٥٠) مامۆستای بابەتەکەدا، پاش گەڕانەوەی فۆرمەکان و دەرهێنانی داتا و زانیارییەکان، لە پرســـیاری یەکەم (٢٤) بڕگەمان دەســـتکەوت، هەروەها لە پرســـیاری دووهەم (١٦) بڕگەمان دەستکەوت، لە پرسیاری سێهەم (١٨) بڕگەمان دەستکەوت، بە کۆی گشتی ئەنجامی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکە (٥٨) بڕگە کۆکرایەوە بە شێوەیەکی سەرەتایی.

پاش بژاردەکردن و تاوتوێکردنی بڕگەکان لەگەڵ بەرێز ســـەرپەرشـــتیار و دوای لابردنی بڕگە دوبارەکان، پێوەرەکە بە شـــێوەیەکی ســـەرەتایی ئامادە کرا، کە پێکهاتبو لە (٤١) بڕگە. پێوەرەکە ئامادەبو بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەم پســـپۆران و شارەزایان بە مەبەستی هەڵسەنگاندن.

وەڵامی بڕگەکان:

پاش ئامادەکردنی بڕگەکان توێژەر پشـــتی بە شـــێوازی لیکەرت (Likert) بەســـت لە دانانی وەڵامی بڕگەکان، چونکە شـــێوازی لیکەرت لەنێوان کاریگەری زۆر و نەبونی کاریگەریدایە، کە ئەمە گونجاوە بۆ گۆڕاوی توێژینەوەکە. بۆیە بۆ ئەم توێژینەوەیە وەڵامی بڕگەکانی بەم جۆرە دانراوە (بەتەواوی لەگەڵیدام، لەگەڵیدام، تاڕادەیەک، لەگەڵیدا نیم، بەتەواوی لەگەڵیدا نیم)، نمرەی (١،٢،٣،٤،٥) درا بەوەڵامەکان بەشێوەی یەك بەدوای یەك.

**٣-٥- ڕاستی و دروستی پێوەرەکە:**

بەمەبەستی زانینی ئاستی زانستی و دروستی پێوەرە ئامادەکراوەکە، توێژەر لە پێناو سەلماندنی ڕاستی و دروستی ئامرازەکە و ڕاستگۆی پێوەرەکە، بڕگەکانی پێوەرەکە، کە بریتی بو لە (٤١) بڕگە (پاشکۆی ١)، پێشکەشمان کرد بە کۆمەڵێک لە پسپۆڕ و شارەزایان لە بواری پەروەردە و دەرونزانی، کە ژمارەیان بریتی بو لە (١٥) شارەزا و پسپۆڕ (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢). بەمەبەستی دەربڕینی بیرورا و بۆچونی خۆیان سەبارەت بە گونجاویی یان نەگونجاویی بڕگەکان.

پاش تاوتوێکردنی تێبینی و ڕاوبۆچونی پسپۆر و شارەزایان، هیچ یەکێک لە بڕگەکان ڕەت نەکرایەوە و هەمویان پەسند کران بە هەندێک تێبینی وەک گۆڕینی شێوازی داڕشتنی بڕگەکان لە شێوەی پرسیارییەوە بۆ شێوەی هەواڵی، بۆ ئەوەی سەرجەم بڕگەکان یەک جۆر بن، ڕێژەی ڕاستییەکەی (100) دەرچو کە جۆری ڕاستگۆییەکەمان ڕاستگۆیی ڕواڵەت بو.

**٣-٦- جێگیری ئامرازی پێوانە**

بۆ دەرهێنانی جێگیری توێژەر ڕێگایەکی ئاماری بەکارهێنانەوە، کە بریتییە لە هاوکێشەی ئاماری (ئەلفا کرۆنباخ)، پاش ئەنجامدانی کردە ئامارییەکان هاوکۆلکەی جێگیری پێوەرەکە بە پێی ئەلفا کرۆنباخ بریتیی بو لە (0.96).

**٣-٨- ئامرازە ئامارییەکان**

- تی تێست Two Independent Sample T.Test.
- ئەلفا کرۆنباخ.

## بەشی چوارەم
## دەرئەنجامی توێژینەوەکە

**٤-١:دەرئەنجامی توێژینەوەکە (Research Result):**

ئامانج لەم توێژینەوەیدا بریتییە لەوەی کە ئایا چەمکە مێژوییەکان کێشەیان هەیە لە کاتی وانەوتنەوەدا یان نا، لە کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلەکانی (حەوت، هەشت، نۆیەم)، لەم بەشەدا ئەو دەرئەنجامە دەخرێتە ڕو، کە توێژەر پێیان گەیشتوە لە ئەنجامی ئەو پرسیارانەی پێشتر داڕێژراون.

**٤-٢:خستنەڕوی دەرئەنجامەکان (Explanation of the result):**

لە کاتی بەراوردکرنی ناوەندی ژمێرەیی بۆ نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ناوەندی گریمانەیی، دەرکەوت جیاوازیی مانادراری (الدلالة الاحصائية) هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی بە جۆرێک ناوەندی ژمێرەیی (105.2275) بو لەبەرامبەر ناوەندی گریمانەیی کە (123) بو لە ئاستی مانادراری (مستوى الدلالة) (٥٪) بەوپێیە ناوەندی ژمێرەیی گەورەترە بو لە ناوەندی گریمانەیی. بە بەکارهێنانی (تی تێست) بۆ یەک نمونە دەرکەوت کە بەهای تائی هەژمارکراو (95.018) بو، کە گەورەترە بو لە بەهایی تائی خشتەیی کە (1.990) بو، بە لادانی پێوەری، هەروەها نمرەی سەربەستی (٣٩٩)، هەروەک لە خشتەی (١) ڕونکراوتەوە:

خشتەی (١)

ئایا چەمکە مێژوییەکان لە کاتی وانەوتنەوەدا کێشەیان هەیە؟

| ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی سەربەست | نرخی تای هەژمارکراو | نرخی تای خشتەیی | ئاستی مانادراری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 400 | 105.2275 | 22.14898 | 123 | 399 | 95.018 | 1.990 | 0.05 |

کەواتە ئەنجامەکان لە ئامانجەکەدا ئەوەیان پشتڕاست کردۆتەوە کە چەمکە مێژوییەکان کێشەیان هەیە لەکاتی وانەوتنەوەدا، ئەم ئەنجامەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە دەبێت چەمکەکان سەرلەنوێ بە شێوەیەکی دیکە لە ناو کتێبەکاندا پێداچونەوەین بۆ بکرێت دابڕێژینەوە بە پێی ئەو داتایانە لە مامۆستایانەوە دەستمان کەوتوە، بە مەبەستی ئەوەی کە خوێندکاران باشتر لە چەمکەکان تێبگەن و مامۆستایانیش توشی ئاستەنگ نەبن لە کاتی وتنەوەی چەمکە مێژوییەکاندا.

## ڕاسپاردەکان

لەم توێژینەوەیەدا، ئەنجامەکان ئاماژە بە کێشەکانی چەمکە مێژوییەکان دەکەن. بۆیە پێویستە هەمو لایەنە پەروەردەییەکان هەنگاوی بڕیاردەرانە هەڵبگرن بۆ چارەسەرکردنیان. گرنگترین ڕاسپاردەکان بریتین لە پێداچونەوەی بنەڕەتی بۆ چەمکە مێژوییەکان لە کتێبەکانی خوێندندا.

پێویستە دەزگا پەروەردەییەکان کار لەسەر سادەکردنەوەی زمانی چەمکەکان بکەن، ڕونکردنەوەی زیاتریان بۆ بکەن، هەوڵ بدەن پردی پەیوەندی لەنێوان زانستی مێژو و ژیانی ڕۆژانەی فێرخوازن دروست بکەن. هەروەها مامۆستایان دەبێت ئامادەکراو بن بۆ بەکارهێنانی میتۆدی نوێی وانەوتنەوە و فێرکردنی چەمکە مێژوییەکان، ئەویش لە ڕێگەی کردنەوەی خولی بەردەوام بۆیان.

پێویستە لایەن پەیوەندیدارەکان، گۆڕانکاریی بنەڕەتی بکەن لە شێوازی نوسین و پێشکەشکردنی چەمکەکاندا لە کتێبەکان خوێندند. ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانی سادە و وێنەی گونجاو و کەمکردنەوەی زاراوە ئاڵۆزەکان.

## پێشنیارەکان

بۆ داهاتو، چەندین پێشنیاری گرنگ هەن کە دەکرێت یارمەتیدەر بن لە باشترکردنی پرۆسەی فێرکردنی چەمکە مێژوییەکان: یەکەم پێشنیار ئەنجامدانی توێژینەوەی قوڵترە لەسەر کاریگەرییەکانی فێربونی ئەم چەمکانە لە گشت بوارەکاندا.

دوەم: پێشنیار دەکەم توێژینەوەی بەراوردکاریی لەنێوان قوناغە جیاوازەکانی خوێندن ئەنجام بدرێت بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازییەکان، لە تێگەیشتنی چەمکە مێژوییەکان. هەروەها دروستکردنی یەکەیەکی تایبەت بۆ پەرەپێدانی چۆنیەتی وانەوتنەوەی مێژو، دەتوانێت هەنگاوێکی گرنگ بێت.

هەروەها پێشنیار دەکەم دەزگا پەروەردەییەکان خولی تایبەت بۆ مامۆستایان بکەنەوە، تاکو شارەزاییی خۆیان لە گواستنەوەی چەمکە مێژوییەکان باشتر بکەن و پەرەی پێ بدەن. ئەمەش دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە باشترکردنی کوالێتی گواستنەوەی زانیاریی مێژویی بۆ فێرخوازان.

## سەرچاوەکان:

بۆکانی، سابیر. بکر (٢٠١٦): میتۆدی توێژینەوەی زانستی، سلێمانی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا.
جەوشەنی، عەلی (٢٠١٥): فەرهەنگی کوردستانیکا (بەرگی دوەم)، سنە، چاپەمەنی مانگ.
ســەعید، فایەق (٢٠٢٠). لیۆ ڤیگۆتســکی، تیۆریی ســۆسـیۆکولتوری و پەروەردەی هاوچەرخ، ســلێمانی، ناوەندی غەزەلنوس.
شەرفکندی، عبدالرحمن (٢٠١٠): فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە، چ ٦، تاران، سروش انتشارات صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران.
قەرەداخی، حەمە ڕەشید (٢٠١٢): فەرهەنگی ئازادی، چ ٣، سلێمانی، نەشری ئیحسان.
ماکواری، جۆن : فەلســەفەی بونگەرایی، (و. ئازاد بەرزنجی) ســلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی بەشی چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای ڕاگەیاندنی نەوا، ٢٠٠٥.
موکریانی، گیو: فەرهەنگی کوردستان، بەرگی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٧
بني فارس، محمود جمعة: أثر اســتخدام إســتراتيجية خرائط العقل في اكتســاب المفاهيم التاريخية وتنمية مهارات التفكير الإبداعي لدى طلاب المرحلة المتوســطة في المدينة المنورة، مجلة الجامعة الإســلامية للدراســات التربوية والنفسية، المجلد الحادي والعشرون، العدد الرابع، ٥٩-٩٤. ٢٠١٣.
باوزير، ســلوى ابوبكر و قربان، نادية عبدالعزيز: تنمية المفاهيم التاريخية و الجغرافية لطفل الروضــة. عمان، دار المسيرة للنشر و التوزيع، ٢٠١٠.
النعمات، عبد الله محمد صــياح: المفاهيم التاريخية التضــمنة في كتاب التاريخ للصــف العاشر الاســاسي و مدى الاكســاب الطلبة لها، رســالة ماجســتير غير منشــورة، كلية العلوم التربوية، قســم المناهج و التدريس، جامعة مؤتة، الأردن، ٢٠٠٨.
Margolis, Eric Ed, and Stephen Ed Laurence. *Concepts: core readings*. The MIT Press, 1999.
Kuhn, Thomas S. *The structure of scientific revolutions*. Vol. 962. Chicago: University of Chicago press, 1997.
Smith, Edward E. "Categories and concepts." (1981).
Murphy, Gregory. *The big book of concepts*. MIT press, 2004.
Barsalou, Lawrence W. "Ad hoc categories." *Memory & cognition* 11 (1983): 211-227.
Rosch, Eleanor. "Cognitive representations of semantic categories." *Journal of experimental psychology: General* 104, no. 3 (1975): 192.
Collins, Allan M., and M. Ross Quillian. "Retrieval time from semantic memory." *Journal of verbal learning and verbal behavior* 8, no. 2 (1969): 240-247.
Erickson, H. Lynn. *Concept-based curriculum and instruction for the thinking classroom*. Corwin press, 2007.
بابایی، مسعود: چەمکسازی لە ڕەوتی بیرکردنەوەدا، سایتی دیاسپۆرا، ٢٨ ئایار ٢٠٢٤
/https://diasporawf.org/ziman-so/1774

## پاشکۆی (١)

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان

# فۆڕمی شارەزایان

مامۆستای بەڕێز...
سڵاوی زانست...

توێژەر دەیەوێت توێژینەوەیەک ئەنجام بدات بۆ تێزی دکتۆرا بە ناونیشانی ***(چەمکە مێژوییەکان و بەها باوەکانی نێو کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی قۆناغی بنەڕەتی (بازنەی سێیەم/ مێژو) و کێشەکانی وتنەوەیان لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە لە شاری سلێمانی)*** بۆ ئەم مەبەستە پێویستیمان بە ڕای زانستی بەڕێزتانە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم بڕگانەی خوارەوە، چونکە سەلیقەی زانستی بەڕێزتان گرنگە بۆ بەرەوپێشبردنی کایەی زانستی، هاوکاریتان جێگەی ڕێز و سوپاسە.

- جێگرەوەکانیش بریتین لە (بەتەواوی لەگەڵیدام، لەگەڵیدام، تاڕادەیەک، لەگەڵیدا نیم، بەتەواوی لەگەڵیدا نیم)
- ئەم فۆرمە تایبەتە بە گۆڕاوی چەمکە مێژوییەکان، پێوانەکردنی بەهاکان بە پێوەری ڕالف وایت دەکردێت.

توێژەر — سەرپەرشتیار
ئاوات کەریم مستەفا — پ.د. سابیر بەکر بۆکانی

| ژ. | بڕگەکان | گونجاوە | نەگونجاوە |
|---|---|---|---|
| ١ | چەمکەکانی ناوکتێبی خوێندن بە شێوەیەکی باش ڕون کراوەتەوە | | |
| ٢ | ناوەڕۆکی کتێبەکان، نمونەی پێویست بۆ ڕونکردنەوەی چەمکە ئاڵۆزەکان دەخەنەڕو | | |
| ٣ | چەمکەکانی ناوکتێبەکان، بە ڕێکوپێکییەکی لۆژیکی خراونەتەڕو | | |
| ٤ | کتێبەکانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان (مێژو)، هانی خوێندکاران دەدات کە چەمکەکان لە دۆخی ژیانی ڕاستەقینەدا بەکاربهێنن | | |
| ٥ | وێناکردن لە کتێبەکانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان (مێژو)، یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە چەمکەکان | | |
| ٦ | پێناسەکانی چەمکە سەرەکییەکان لە کتێبەکاندا ئاسانن بۆ تێگەیشتن | | |
| ٧ | کتێبەکانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان (مێژو)، ڕاهێنانی پێویست بۆ پراکتیزەکردنی چەمکە تازە ناسێنراوەکان دابین دەکات | | |
| ٨ | کتێبەکانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان (مێژو)، تێگەیشتنێکی قوڵ لە چەمکە سەرەکییەکان دەدەن. | | |
| ٩ | تا چ ڕادەیەک کتێبەکان ڕوانگەیەکی هاوسەنگ بۆ لێکدانەوە جیاوازەکانی چەمکەکان پێشکەش دەکات | | |
| ١٠ | کتێبەکان، توانیویانە چەمکە ئەبستراکتەکان لای خوێندکاران بەرجەستە بکەن. | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١١ | کتێبەکان، پەیوەندییەکی ڕون لە نێوان چەمکە پەیوەندیدارەکاندا پێشکەش دەکەن. | | |
| ١٢ | نمونەکانی ناو کتێبەکانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەی خوێندکارانەوە هەیە. | | |
| ١٣ | کتێبەکان، هانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەدات سەبارەت بەو چەمکانەی کە دەیانناسێنن. | | |
| ١٤ | چەمکەکانی ناو کتێبەکان پەیوەندییان بە پرسە جیهانییە هەنوکەییەکانەوە هەیە. | | |
| ١٥ | کتێبەکان، دەرفەت بۆ خوێندکاران دەڕەخسێنن کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوە لە چەمکەکان بکەن. | | |
| ١٦ | کتێبەکان بەشەکانی پێداچونەوەی گونجاو بۆ چەمکە سەرەکییەکان دابین دەکەن. | | |
| ١٧ | کتێبەکان جیاکردنەوەی چەمکی سەرەتایی و لاوەکی کردوە. | | |
| ١٨ | کتێبەکان، سەرچاوەی مالتیمیدیا بەردەست دەخەن بۆ ئەوەی یارمەتی خوێندکاران بدەن لە تێگەیشتن لە چەمکە ئاڵۆزەکان. | | |
| ١٩ | تا چ ڕادەیەک چەمکەکان گونجاون لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی خوێندکاران. | | |
| ٢٠ | تا چ ڕادەیەک کتێبەکان، دیدگای مێژویی لەخۆدەگرێت سەبارەت بە پەرەپێدانی چەمکە سەرەکییەکان. | | |
| ٢١ | ڕاهێنانەکانی ناو کتێبەکان، یارمەتیدەرن بۆ بەهێزکردنی تێگەیشتن لە چەمکەکان. | | |
| ٢٢ | کتێبەکان چەمکی نوێ بە شێوەیەک دەناسێنێت کە لەسەر زانیاری پێشوەختە بنیات دەنرێت. | | |
| ٢٣ | کتێبی خوێندن کاریگەرە لە ئامادەکردنی خوێندکاران بۆ تاقیکردنەوەکان لەسەر چەمکە سەرەکییەکان. | | |
| ٢٤ | کتێبەکان ئاڵنگاریی خوێندکاران دەکەن کە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بیر لەو چەمکانە بکەنەوە کە فێری دەبن. | | |
| ٢٥ | کتێبەکان، لە کۆتایی هەر بابەتێکدا پوختەی چەمکە سەرەکییەکان دەخاتە ڕو. | | |
| ٢٦ | تا چ ڕادەیەک  چەمکەکان لەگەڵ تەمەن و ئاستی مەعریفی فێربونی خوێندکاراندا دەگونجێت. | | |
| ٢٧ | بەکارهێنانی جیهانی ڕاستەقینەی چەمکەکان لە کتێبی خوێندندا بە باشی باس کراون. | | |
| ٢٨ | تا چ ڕادەیەک کتێبەکان هانی خوێندکاران دەدەن کە چەمکە نوێیەکان بە زانیاری پێشوەوە ببەستنەوە. | | |
| ٢٩ | کتێبەکان بە شێوەیەک ڕێکخراون کە ئاستی تێگەیشتنی خوێندکار بۆ چەمکەکان بەرز بکاتەوە. | | |
| ٣٠ | کتێبەکان، دەرفەت بۆ فێربونی هاوبەش لەسەر چەمکە سەرەکییەکان دەڕەخسێنێت. | | |
| ٣١ | کتێبەکان هانی خوێندنەوەی زیاتر و گەڕان بەدوای چەمکە ئاڵۆزەکاندا دەدەن. | | |
| ٣٢ | کتێبەکان، تا چ ڕادەیەک یارمەتیدانی خوێندکاران بۆ تێگەیشتن لە چەمکەکان بە شێوەیەکی زانستی | | |
| ٣٣ | پێت وایە کتێبەکان تا چ ڕادەیەک چەمکە نوێکان بە شێوەیەکی کاریگەر بە خوێندکاران دەناسێنێت. | | |
| ٣٤ | تا چ ڕادەیەک کتێبەکان دایاگرام و هێڵکاری، بەکاردەهێنن بۆ ڕونکردنەوەی چەمکە ئاڵۆزەکان. | | |
| ٣٥ | پێت وایە کتێبەکان تا چەند بە باشی چەمکە سەرەکییە مێژوییەکانیان پێناسە کردوە. | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦ | تا چەند کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان چەمکە مێژوییەکانی بە نمونەی ژیانی ڕاستەقینەوە دەبەستێتەوە. | | |
| ٣٧ | کتێبەکان تا چەند پەرەسەندنی چەمکە مێژوییەکان بە تێپەڕبونی کات دەگرێتەوە. | | |
| ٣٨ | کتێبەکان تا چەند کاریگەرن لە بەراوردکردنی چەمکە مێژوییەکان لە سەرانسەری کولتورە جیاوازەکاندا. | | |
| ٣٩ | کتێبەکان تا چ ڕادەیەک توانیویانە بە شێوەیەکی باش مامەڵە لەگەڵ چەمکە مێژوییە مشتومڕاوییەکان بکەن. | | |
| ٤٠ | کتێبەکان تا چەند بەسودن لە بەستنەوەی چەمکە مێژوییەکان بە ڕوداوەکانی ئێستاوە. | | |
| ٤١ | کتێبەکان تا چەند هاوسەنگی لە نێوان گێڕانەوە جیاوازەکان دەکەن بۆ چەمکە مێژوییەکان. | | |

پاشکۆی (٢)

ناوی هەڵسەنگێنەرانی فۆرم

| ژ | ناو | پلەی زانستی | شوێنی کار | پسپۆڕی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | سلوی احمد امین | پرۆفیسۆر | زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت | پێوانە و هەڵسەنگاندن |
| ٢ | بشکوش جعفر عبداللە | یاریدەدەری پرۆفیسۆر | زانکۆی دهۆک | الادارة التربوية |
| ٣ | شوان فرج سعید | یاریدەدەری پرۆفیسۆر | زانکۆی گەرمیان/ کۆلێژی پەروەردە | ڕێگاکانی وانەوتنەوە |
| ٤ | نازنین عثمان محمد | یاریدەدەری پرۆفیسۆر | زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت | دەرونزانیی گشتی |
| ٥ | طلل غالب علوان | یاریدەدەری پرۆفیسۆر | زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی پەروەردەی | دەرونزانیی پەروەردەیی |
| ٦ | کاروان کاکەبرا کاکەمد | یاریدەدەری پرۆفیسۆر | زانکۆی سۆران | دەرونزانیی زمانەوانی |
| ٧ | د. ماجد اسعد محمد | مامۆستا | زانکۆی چەرمۆ/ کۆلێژی پەروەردە | دەرونزانیی پەروەردەیی |
| ٨ | د. فەرمان زاهر عبداللە | مامۆستا | زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی | دروستی دەرونی |
| ٩ | کیلاس عبداللە اسماعیل | مامۆستا | زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت | دەرونزانیی پەروەردەیی |
| ١٠ | زانا عوسمان محمد | مامۆستا | زانکۆی چەرمۆ/ کۆلێژی پەروەردە | پرۆگرام و ڕێگەکانی وانەوتنەوە |
| ١١ | فرمان علی محمود | مامۆستا | زانکۆی چەرمۆ/ کۆلێژی پەروەردە | دەرونزانیی پەروەردەیی |
| ١٢ | ئاڤان عبداللە حسن | مامۆستا | زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت | پەروەردەی تایبەت |
| ١٣ | مریوان عبدالمجید محمد | مامۆستا | زانکۆی چەرمۆ/ کۆلێژی پەروەردە | سایکۆلۆژیا |
| ١٤ | ئاکۆحمە خسرەو | مامۆستا | زانکۆی چەرمۆ/ کۆلێژی پەروەردە | پەروەردەی هونەر |
| ١٥ | شەماڵ لطیف ڕەشید | مامۆستا | وەزارەتی پەروەردە | کۆمەڵناسیی پەروەردەیی |